# فریای گوندی پاپیلان بكەون تا ئاوەدان كرێتەوە

بۆ

هەردوو حكومەتی هەرێمی كوردستان

پەرلەمانی كوردستان

پارێزگاری كەركوك

رێكخراوو كۆمەڵەو دەزگاكانی لایەنگری ئاوەدان كردنەوەی كەركوك

ئێمە جوتیارانی گوندی پاپیلان لە ناوچەی شوانی كەركوك خاوەندی 12 شەهیدی پارتی و یەكێتی و شیوعی و سۆسیالستین و ژمارەیەكی زۆریش لە جوتیارانی ئەم گوندە خاپوركراوە لە خەباتی چەكداریدا بەشدارییان كرد و سەرجەمیش لە ناخۆشیەكاندا پشت و پەنای پێشمەرگە بووین .دوای روخانی رژێمی بەعس چاوەروانی ئەوە بووین پاداشت بدرێینەوە لە بەرامبەر ئەو هەموو تێكۆشان و قوربانی و ماڵوێرانییەمان , كەچی نەك دەست بەتاڵ دەرچووین و قەرەبووی زیانە مادی و گیانییەكانمان بۆ نەكرایەوە بگرە ئێستا رێگەشمان پێنادرێت لادێكەمان ئاوەدان بكەینەوەو بچینەوە سەر زەوییەكانمان كە زیاتر لە سەدەو نیوێكە دەیكێڵین . ئێمە چاوەروان بووین ئەو شۆرشەی كە بە دروشم داكۆكی لە جوتیاران دەكرد هەر گەیشت بە دەسەڵات ژیانمان باش بكات و چەوساندنەوەی سەرمان سوك بكات , بەڵام بە داخەوە ئێستا ئێمە بە یاساكانی سەردەمی بەعس رازین و خۆزگەی بۆ دەخوازین كەچی لەوەش زیاتر غەدرمان لێدەكرێت.

ئێمە جوتیارانی گوندی پاپیلان زیاتر لە 150 ساڵە بەشێكی زۆر زەوی لادێكەمان بەدەستەوەیە جگە لە بەراوەكان كە هەمووی بەدەست كوێخاكانەوەیە .ئێستا دەمانەوێت بیری ئاو لێبدەین و بگەرێینەوە گوندەكەمان و ئاوەدانی بكەینەوە بەڵام كوێخاكان ناهێڵن بیر لێبدەین و لادێكەمان ئاوەدان بكەینەوەو بگەرێینەوە سەر زێدی باوو باپیرانمان . تەنانەت رزگار ئەندامی ئەنجومەنی باڵای شوان كوێخای گوندەكەشمانە بەبەرچاوی بەرێوەبەری ناحییەی شوانەوە ووتی –ناهێڵین بیر لێبدرێت بۆ ئەوەی لادێكە ئاوەدان بێتەوە ,ئەمە ئەو ئەنجومەنیە دەبوایە كاری بۆ ئەوە بكردایە لادێكانی ناوچەی كەركوك ئاوەدان بكرێتەوە تا كەركوك بگەرێتەوە باوەشی كوردستانێك ئێمەی جوتیارانی گوندی پاپیلان یەك دەستە شەهیدمان لە پێناویدا بەخت كردووە . ئێمە دەمانەوێت 4 لادێی نزیك بە یەك جولحان –برایم زانا–مۆرد– پاپیلان بكرێتە یەك گوندی مودێرن بەڵام كوێخاكانی پاپیلان نارازین .

بۆ ئەوەی كارەكە نەگاتە ئاستی توند و تیژی و بە هێمنانە چارەسەر بكرێت چەندین وەفدمان ناردووە بۆ لای كوێخاكان و مەڵبەندی ینك و دوبس , بە ئامادە بوونی 4 شایەد بریارمان دا ئەو زەوییانە تا بریاری نوێ دەرەچێت كەس نەیكێڵێت (مستەفا چاڵاوی–رەشید جەلال–كادیر نازم–چەتۆ كاكەخان).هەروەها لە لایەن هەردوو وزارەتی هەردوو حكومەتی هەرێمەوە بریاردرا

تا یاسایەکی نویێ دەرنەچێت بە یاسا کۆنەکە کار بکرێت . ئەم بڕیارە تەنها لە گوندی پاپیلان کاری پێناکرێت کێشەی جوتیارە تورکمان و عەرەبەکان و جوتیارانی گوندەکانی گەڵۆزی و نەبیاوە و برێسپان وحەسار و .... کێشەی زەوی لەم لادێیانە بەو بڕیارە چارەسەر کران , بە گوێرەی ئەم یاسایە موڵکدارێتی زەوی لە لادێکان دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی پێش ساڵی1988 .هەرچەندە تەنها زەوییە خراپەکان بەدەست ئێمەوەیە و دەیەکی داهات بۆ کوێخاکانە بەڵام ئێمە تا بڕیارێکی نویێ دەرەچێت بەو بڕیارە ڕازین .ئێستا ڕزگار بە پشت بەستن بەو لایەنەی لە ناخۆشیەکاندا پشت و پەنایان بووین بڕیاری داوە لەگەڵ باران باریندا زەوییەکان بکێڵێت , ئەمەش کێشەکە بەرە و بارگرژی دەبات .

داواتان لێدەکەین فریامان کەون بۆ بەدەست خستنەوەی ئەو زەوییانەی تا ئەنفالە شومەکە بەدەستمانەوە بوو , ڕێگە مەدەن ئەنفال لە لایەن چەوسێنەرانێکەوە دوبارە بکرێتەوە لە پێناو بەرژەوەندییەکان خۆیان دژ بە ئاوەدان کردنەوەی لادێیەکی خۆشەویستی شاری کەرکوکن . کەرکوکێك ئاوەدانکردنەوەی بە پلەی یەکەم دێت بۆ خەباتی ئەمڕۆی حکومەت و پارتە تێکۆشەرەکانتان .

جوتیارانی گوندی پاپیلان

2004-10-24

---

وێنەیەك بۆ هەریەکە لە مەکتەبی سیاسی و ڕاگەیاندنی :-

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان

حیزبی شیوعی کوردستان

حیزبی سۆسیالستی کوردستان

حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان